# باوکی ئەژی تیرۆریست، خۆفرۆش‌و بکوژی شەهید محەمەد قادر-ە!!

پێشەوا کەرکوکی

ئەژی کوڕی موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی‌یەو باوکی مامۆستای خانەی مامۆستایانی کچان بوو لەهەولێر. لەخزمەکانی شێخ کاکەو شێخ ئیسماعیل‌و شێخ ڕەشیدی پیاوانی عزەت دوری‌و بەعس بوو. مامۆستا موعتەسەم لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە پەیوەندی بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-ەوە کردبوو". لەڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر گەیشتە پلەی ئەندام ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان‌و دواتر لەناوەڕاستی ساڵی 1985دا لەلایەن دەزگای ئەمنی هەولێرەوە گیراو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆرو شکاندنی دەستێکی بەتەعاون‌و لەڕێگەی شێخ کاکەو شێخ ئیسماعیل‌و عەلی بەرزنجی برای شێخ فوئادی کۆنە ئەندام مەڵبەندی چوارو بەواستەی عزەت دوری دانی بەوەدانا کە لەڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵە کار دەکات.

موعتەسەم بەرزنجی دوای هاوکاریکردنی لەگەڵ دەزگای ئەمنی هەولێرو دانی تەواوی ناوی بەرپرس‌و ئەندام ڕێکخراوەکانی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەیەک دوو مانگ ئازادکرا.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی شەش مانگ، ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە کەوتەبەر درندەترین شاڵاوی ئەمنی هەولێرو بەرپرسی ڕێکخراو شەهید محەمەد قادر نادر سورچی (باوکی هێمن) و شەهید مامۆستا سلێمان عەبدوڵلا (ئەندام ڕێکخراو) کە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد بێ ئەوەی ئیعتراف بکات، خدر عەبدولڕەحمان محەمەد (ئەندام ڕێکخراو)، شەهید بایز مەولود تەها (ئەندام ڕێکخراو) کەدواتر لەهەولێر تیرۆر کرا، موحسین ئیبراهیم حەسەن (ئەندام ڕێکخراو)، سامی مەحمود محەمەد (ئەندام ڕێکخراو)، نەسرەدین مامە کەریم‌و ئازاد سەعید مەولودو سەردار محەمەد ڕەجەب‌و غەفور دەروێش پیرداودو عیماد شاکر ڕەشیدو سەمەد خدر عەبدوڵلاو جەمیل محەمەد سادق (ئەندامانی کۆمەڵە)، دەستگیر کران.شەهید محەمەد قادر سورچی بەرپرسی ڕێکخراو لە 18.2.1986دا لەبەدالەی نەخۆشخانەی کۆماری کەکارمەند بوو دەستگیرکراو ئەوانەی تریش لەبەرەبەیانی 24.2 دا دەستگیرکران.

شەهید محەمەد قادر لەدوای 5-6 ڕۆژو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئیعترافی کرد. شەهید محەمەد، دوای ئەوەی کۆمەڵێک شتی پێدەڵێنەوەو گومانی تەواوی دەکەوێتە سەر شێخ موعتەسەم، ئیعتراف لەسەر خۆی دەکات وەکو ئەندام پۆلو ناوی موعتەسەم-یش دەدات وەکو ئەڵقەی پەیوەندی. شەهید محەمەد، ناوی تەواوو ناوونیشانی ماڵو خانەی مامۆستایان‌و ئەو بیرە نەوتەی بناری چیای قەرەچوغ کە موعتەسەم وەکو جەیشی شەعبی پاسەوان بوو لەسەری، دەدات. بەڵام شێخ موعتەسەم نەگیراو جارێکی تریش پرسیاری موعتەسەم-یان لەشەهید محەمەد نەکردبوو، بەمەش گومانی شەهید محەمەد لەسەر موعتەسەم بوو بەیەقین. شەهید محەمەد بۆیە گومانی دەکەوێتە سەر موعتەسەم، چونکە کاتی کارکردنیان بەیەکەوە زۆرجار موعتەسەم تەئکیدی لەسەر ناوی نهێنی شەهید محەمەد

(ڕەهێڵ) دەكردەوە لەگەڵ بەرواری یەكەم نامەی نەوشیروان مستەفا سكرتێری كۆمەڵە بۆ شەهید ڕەهێڵ بەمەبەستی ڕێكخستنەوەی ڕێكخراوی هەولێر لەدوای شەهیدكردنی یەكێك لەو دوو شەهیدە، شەهید حەیدەر جوكل یان شەهید یوسف دەرگەڵەیی بوو، لەگەڵ تەئكیدكردن لەسەر شوێنو بەرواری یەكەم كۆبوونەوەی ڕێكخراو بەسەرپەرشتی شەهید محەمەد.

كاتێ شەهید محەمەد دەستگیركرابوو، مولازم عەتای تاوانبار لەیەكەم دەقەدا بەشەهید محەمەدی گوتبوو (شلۆنەک ڕەفیق ڕەهێڵ)، هەروەها دواترو لەكاتی لێكۆڵینەوەدا بەرواری نامەكەی نەوشیروانو شوێنو بەرواری یەكەم كۆبوونەوەی ڕێكخراوی نوێی بەشەهید محەمەد گوتبوو.

دوای ئەوەی برادەرانی تری ڕێكخراو لەبەرەبەیانی 24.2.1986دا دەستگیركران، هەر هەموویان ئیعترافیان لەسەر خۆیانو چەند كەسێكی تریش كرد. دوو ئەندام ڕێكخراو كە توانیان خۆیان بگەیەننە ڕیزی شۆڕشو دەست ڕژێم نەكەون شەهید حاكم شێرزاد كەلەساڵی 1992 لەهەولێر بەهۆی دەستێكی ڕەش شەهیدكرا، هەروەها كەسی دووەم نەقیب ڕەسوڵ بوو. موحسینو سامیو نەسرەدین ئیعترافیان لەسەر شەهید ڕەهێڵ كردبوو وەكو بەرپرسی ڕێكخراو، بۆیە شەهید ڕەهێڵ دووبارە ڕەوانەی لێكۆڵینەوە كرابووەوە. موحسین چووبووە سەرسەری شەهید سلێمانو ڕەهێڵو پێی گوتبوون (ئیعتراف بكەن، ئەگینا هەموو پۆخلەواتتان بەدەر دەخەمو تەواوی نهێنیەكانتان بە مولازم عەتا دەڵێم). شەهید سلێمان ئیعترافی نەكردبوو و لەژێر ئەشكەنجەدا گیانی سپاردبوو، شەهید محەمەد قادر (ڕەهێڵ)یش ئیعترافی كردبوو كە بەرپرسی ڕێكخراوەو دواتر لەبەغدا لەسێدارە درابوو.

ئەوەی شایەنی باسە شێخ موعتەسەم سەرەتای ڕاپەڕینی 1991 لەترسی تۆڵەسەندنەوە چووە ناو پارتی گەلی دیموكرات، بەڵام دوای ئەوەی كەزانی ئەوەی یەكێتیی بەخەیاڵیدا نەیەت تۆڵەسەندنەوەیە، بۆیە بێ دوودڵی گەڕایەوە ناو ڕیزەكانی یەكێتیی‌یە حەیاتەكەو تائێستاش درێژە بەخەباتی خۆی دەدات. بەڵام لەوانەیە ئەم جارەیان لەبری ئەوەی چەند نێچیرێک بۆ دەزگاكانی ئەمنی سەدام دیاری بكات، بۆ ئەژی كوڕی دیارییان دەكات.